یەکگرتوو
رۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز: زوهێر محەمەد ئەمین
سەرنووسەر: عەبدولکەریم ئەحمەد
بەڕێوەبەری نووسین: فەهمی حەمە تۆفیق
Email:pezan76@yahoo.com Cell:07504702399 Email: akam72k@yahoo.com Cell:07504558431
www.yakgrtu.org
Yakgrtu1994@yahoo.com – info@yakgrtu.org
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٣١٧٥٢ –٠٦٦٢٥٦٢٤٤
ناونیشان: هەولێر – گەڕەکی تەیراوە–بەرامبەر گەراجی باکوور –تەنیشت مەڵبەندی دووی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

نەخۆشخانەی فریاکەوتن

*هەولێری فریاکەوتن(١٢٢)
*سلێمانی فریاکەوتن(٣٢٧٠٥١١)
*کەرکوك نەخۆشخانە(٢١٢٢٢٣)
*دهۆك تەنگاڤیا(٧٦١٢٥٦١)
*هەڵەبجەی شەهید (٨٨٥١٢٠٦)
* کەلار (٠٥٣٨٩٤٢٩١٨)

پۆلیسی فریاکەوتن

*هەولێر (١٠٤- ١٢٧- ١٣٤- ١٤٤)
*سلێمانی (٣١٢٣٥٤٤)
*کەرکوك (٢١٧١٩٥)
*دهۆك (٧٢٢١٧٠٧)
*هەڵەبجەی شەهید(٨٨٥١١٩٥)
*گەرمیان (٠٧٧٠١٥٦٨٣٢٤)

کاتی بانگەکانی هەفتەیەك لە هەولێری پایتەخت

کۆدە تەلەفۆنییەکانی شارەکان

*هەولێری پایتەخت (٠٦٦)
*سلێمانی (٠٥٣)
*کەرکوك (٠٥٠)
*دهۆك (٠٦٠)
* هەڵەبجەی شەهید (٨٨٥)
* دەربەندیخان (٨٩٢)
* کەلار(٨٩٤)
* کفری (٨٩٦)
* خانەقین (٨٤١)
*چەمچەماڵ(٨٩٧)

تەلەفۆنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی یەکگرتوو

کەناڵی ئاسمانی سپێدە	کەناڵی پێنجوێن	کەناڵی کفری	کەناڵی هەڵەبجە
٠٦٦٢٥٧٤٤١١	٠٥٣٨٧٢٠٥٩٩	٠٥٣٨٩٦٠٢٥٥	٨٨٥١٩١٤
٠٦٦٢٥٧٤٤٢٢	کەناڵی کەرکوك	کەناڵی رانیە	٠٧٥٠١٥٦٠٠٠٦
کەناڵی هەولێر	٠٥٠٢١٦١٦٥	٠٧٤٨٠٢٥٥١٧٠	
٠٦٦٢٥٣٩٠٩٠	٠٥٢٢١٢٩٦٦		
٠٧٥٠٤٦١٩٠٩٠	کەناڵی دهۆك	کەناڵی گەرمیان	کەناڵی چەمچەماڵ
کەناڵی سلێمانی	٠٦٠ ٧٦٢٣١١٤	٠٧٤٨٠٢٢٠٢١٦	٠٥٣٨٩٧٣٠٠٥
٠٥٣٣٢٣٥٨٣١	٠٦٠٧٦٢٣١١٥	٠٧٤٨٠٢٢٥٨٨٤	
٠٥٣٣٢٣٥٣٠٣			

ئاگاداری

دادگای کەتن هەولێر/ ٣
ژمارە: ٢٣٨/ك/ ٢٠١٠
ریکەوت: ٣/گەلاوێژ/ ٢٧١٠
بەروار/ ٢٠١٠/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ خالد ابراهیم همزه
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە (٢٣٨/ك/٢٠١٠) لە رێکەوتی (٢٠١٠/٨/٢٥) لەسەرت بە زیندانیکردنت بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ بەپێی مادە (٤٥٦) لەیاسای سزادان بەشێوەی پاشملە (غیابی) لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە، بۆیە بڕیار درا لە رێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی پێت رابگەیەنرێت، مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بە رێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە)، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ زرار مەحمود مرادخان

دادگای کەتن هەولێر/ ٢
ژمارە: ٢٣٠/ك٢/ ٢٠١٠
بەروار/ ٢٠١٠/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ نظام بکر محمد
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە (١٢٦٢/ك٢/٢٠٠٩) لە رێکەوتی (٢٠١٠/٤/١١) لەسەرت بەزیندانیکردنت بۆ ماوەی (سێ ساڵ) بەپێی مادەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان بەشێوەی پاشملە (غیابی) لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەڕەکی (نیشتمان) بڕیاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەنرێت، مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بە رێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣ مانگ لەرۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ ئاشتی احمد احمد

دادگای کەتنی هەولێر/ ١
ژمارە/ ٥٥١/ك١/٢٠١٠
بەروار/ ٢٠١٠/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ عبدالمنعم نوری اسماعیل
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە، بۆیە پشت بەستن بە ماددە / ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لە بەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى (٢٠١٠/١٠/١٠) بە مەبەستی دادگاییکردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٦) لەیاسای سزاکان، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ سردار عزیز خۆشناو

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە: ٩٩/ك/٢٠٠٩
ریکەوت: ٣١ی خەرمانان/ ٢٧١٠
بەروار/ ٢٠١٠/٨/٢٢
ب/ جارِدان
بۆ سزادراو: رۆزە رێبوار محمد
شوێنی دانیشتن نادیار
دادگای کەتنی عەنکاوە لە رێکەوتی (٢٠١٠/٨/٢٢) بڕیاریدا بە بەندکردنت بۆماوەی یەك ساڵ و شەش مانگ، بەپێی مادەی (٤) لەیاسای نەهێشتنی بەدڕەوشتی، ئەم بڕیارەش شیاوی ناڕازیبوون و پێداچوونەوەیە لەماوەی یاسایی خۆیدا. لەبەر نادیاری شوێنی دانیشتن بەپێی اشعاری موختار دادگا بڕیاریدا لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم بڕیاری پاشملەی ئاماژە بۆکراوی سەرەوەت پێڕابگەیەنرێت، بۆیە پێویستە لەسەرت لەماوەی (٣) سێ مانگ خۆت بەدەستەوە بدەیت بە دادگاکەمان، یان بە نزیکترین بنکەی پۆلیس، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە وەکو بڕیاری روبەڕوویی (الوجاهی) لێدێت و پلەی بنبڕی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
لەگەڵ رێزدا.
دادوەر/ سلیم حمو دیاب

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای تاوانی یەك
ژمارە:١٢٥/ج/٢٠٠٦
رێکەوت:٢٠١٠/٨/١١
ئاگادارکردنەوە
بۆ تاوانباری هەڵاتوو: سمیر جنید محمد
دادگای تاوانی هەولێر لەداوای ژمارە (١٢٥/ج/٢٠٠٦) وە پاش دادگاییکردنی پاشملە (غیابی) رۆژی (٢٠١٠/٨/١١) بڕیاری دەکرد بە: بەندکردن بۆ ماوەی (٧) ساڵ بەپێی مادەی (١/٣٩٣، ٢ـ د) لە یاسای سزا، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین کە لەماوەی (٦) شەش مانگ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە مافی تانوت لێدان (الاعتراض) و پێداچوونەوەت (التمییز) هەیە، بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
سەرۆك: سیروان کمال عبدالرحمن

دادگای کەتنی شەقڵاوە
ژمارەی داوا/٢٣/درێژخایەن/٢٠٠٩
بەروار/٢٠١٠/٨/١٨
بۆ/تۆمەتباری هەڵاتوو (سعید شهید جفات)
ب/ ئاگادارکردنەوە
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت ئەم دادگایە بڕیاری دا بە دادگاییکردنت بەشێوەیەکی پاشملە بەپێی مادەی (٢٨٤) لە یاسای سزادانی عێراقی، بۆ ئەم مەبەستە ئاگادارت دەکەینەوە لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی و پێویستە لەسەرت ئامادە بیت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە رێکەوتی دواین بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە وە ئەگەر رۆژی دادگاییکردن کەوتە پشوو، ئەوا یەکەم رۆژی کارکردن دوای پشووەکە دەستنیشان دەکرێت بۆ دادگاییکردنت، وەئەگەر ئامادە نەبیت، یاخود خۆت بەدەستەوە نەدەیت بۆ نزیکترین بنکەی پۆلیس، لەم حاڵەتەدا رێکاری یاسایی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ محمد بهاء الدین عبدالله

چاپکراوی نوێ





قسەیەکی تر

جارێکی تر بە چی خەڵکی فریو دەدەن ..؟

جەمال غەریب حەحە
Jamalhama70@yahoo.com

لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە بە هەزاران دۆلا لە پارەی ئەم وڵاتە خەرج دەکرێت تەنها بۆ هاندانی تاکی عێراقی بۆئەوەی بەشداری کارا بکەن لە هەڵبژاردنەکاندا، داوا لە خەڵکی دەکەن بۆ ئاوەدانی و ئاشتی لە وڵات و خۆشبەختی و کامەرانی بۆ هەموو هاووڵاتیان "تکایە بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ بنیاتنانەوەی عێراق بە باشترین شێوە، با هەموومان بەشدار بین بەبێ جیاوازی نەتەوە و ئاین و ئاینزار و ئایدیۆلۆژیا، ئێمە عێراق بنیات دەنێینەوە.." ئەم دروشمانە و دەیان وتەی بریقەداری تر، ئەمە تەنها بۆ جوڵاندنی ئیحساسی تاکی عێراقییە تا بەشدار بن لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، ئەمە دروشم و داواکاری کۆمسیۆنە لە پرۆسەکەدا، ئەگینا حیزب و لیستە بەشداربووەکان بە دەیان و سەدان پەیمان و بەڵێنی جۆراوجۆر بە خەڵکی دەدەن تەنها بۆ کۆکردنەوەی دەنگ، ئەمانە لەپێش پرۆسەی هەڵبژاردن .

بەڵام لە پاش پرۆسەکە ئەوەی حسابی بۆ نەکرێ و نەخوێنرێتەوە، ئیحساس و هەست و شعوری تاکی عێراقییە، لیستە براوەکانی ئەمجارەی هەڵبژاردنەکانی بەغدا بە کردەیی شتێکی تریان بە عێراقیەکان وت، وتیان "دەنگەکانی ئێوەمان بۆ ئەوە نەبوو تا خزمەت بەم وڵاتە وێرانە و بە ئێوەی بەشمەینەت بکەین، بەڵکو هەر لایەکمان لە هەوڵی کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگدا بووین بۆ بەدەستهێنانی کورسی و بۆ ستی باڵا بۆ خۆمان و حیزب ولیستەکەمان..."!

ئاخر ئەگەر مەبەستتان خزمەت بە وڵات و هاووڵاتیان بوایە، ئەوە شەش مانگ تێدەپەڕێت بەسەر هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەدا، کەچی تا ئێستا سەرکردەکانی ئەمڕۆی عێراق لەگەڵ ئەو ڕەوشە ئاڵۆز و نالەبار و نائاساییەی ناوخۆ و ئەو هەموو فشارە دەرەکیانەشدا هێشتا نەگەیشتوونەتە رێکەوتنێك بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئاخر ئەمە ئەگەر بێ ئەرزشکردنی دەنگی تاك و کۆمەڵگە نەبێت، ئەی چییە؟ ئاخر ئەمە ئەو نەخۆشییە بۆ ماوەییەیە کە عێراقییەکان دەبێت هەردەم بناڵێنن بەدەستیەوە، کە ئەویش گیرۆدەبوونە بەدەست سەرکردەی لێ نەهات و هەلپەرست و دیکتاتۆر و خوێنڕێژەکانەوە ... نەك ئەمڕۆ، بەڵکو بە درێژایی مێژوو ئەوە حاڵی گەلانی ئەم مەملەکەتە بووە.

ئیتر جارێکی تر چۆن دەتوانن خەڵکی هان بدەن کە بەشداربێت لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، بە چ ڕۆحیەتێکەوە بچێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان، ئەمجارە دەتانەوێت بە چ دروشمێك خەڵکی فریو بدەن بۆئەوەی بەدەم داواکاری و دروشمە بریقەدارەکانتانەوە بێن، من دڵنیاتان دەکەمەوە ئەگەر ڕەوشی عێراق هەروا بڕوا و بەردەوام بێت، ئەوا لە داهاتوودا ڕێژەی دەنگدەری تاکی عێراقی لە هەڵبژاردنەکاندا لەکورتی دەدات، دوای ئەم هەڵوێستە نەشیاوانەتان متمانەی عێراقیەکان بە پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردن کەمتر و کەمتر دەبێتەوە، جارێکی تر ناتوانن یاری بە ئیحساسی خەڵکی بکەن، چونکە نیەتی ڕاستەقینەتان ئاشکرا بوو بۆ خەڵکی، بەڵام دەرکەوتنی ئەو ڕاستیانە و پشتکردنی خەڵکی لە پرۆسەی هەڵبژاردن، ئەویش جارێکی تر هەر بە سلبی بەسەر گەلانی عێراقیدا دەشکێتەوە، ئەمەش واتە درێژ کردنەوەی ماوەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان با بە هەڵبژاردنیش گەیشتبنە ئەو پۆستە، چونکە بێدەنگی دیکتاتۆر دروست دەکات.